# سەمای تەرمەکان

(باران عەلادین)

ڕەحمێك بە هەپروون بوونی دڵۆپەکانی بارانت بکە

نەبا غەزەبی ماچێك بتگرێت

شەرمێك لە بارینی ئێوارەیەکم بکە

نەبادا چۆك لە بەر خوێناوی بونی بەیتێکتا دادەم

کوانێ ئەی پێغەمبەری عیشق کوانێ؟

.کوا دروشمی پەیامی وەنەوشەییت؟

خۆت نەت ووت دەخیلتم ئەی یار

تۆ بە خوڕمی بارینت لە ئێوارەیەکا

هەموو ئەو مۆمانەی بە پەنجەی خیانەت

داگیرسان نوریان ببڕە ؟

خۆت نەبویت ووتت با پێکەوە تف لە تابلۆ

هەزەلییەکانی ئەم دورگەیە بکەین و

لە ڕەنگی بەهاری تۆو بە فڵچەی بەرائەت

دیوارێك نەخش کەین تا تێکەڵ بوون و هەڵاژانەکانمانی

تێدا حەشار دەین تۆ نەبویت؟

تۆ نەبویت وتت من بۆ تۆ و تۆش بۆ من و

هەردوش بۆ پایانی غوربەت و بێ نازی ژووانێك؟

ئەی من نەبووم وەك ماسییەکی عاشق بە مروارییەکانی

جامخانەی ڕۆحت بە کۆڵان بە کۆڵانی ئەم دەریاچە یەم ناساندی؟

لە مێژە ترسی بە دوکەڵ بونی پەیامەکانتم لێ نیشتووە

شەوانێکە درکم بە بە هەوادا چونی هاوینی حەرفەکانت کردووە!!

وایی خودایە! چەند سەختە ڕا مان بە د یار وەنەوزی

عەشقەوە !!!!

چەند ستەمە لە بەیانێکی وادا ڕق لە جریوەی

چۆلەکەیەکی عاشق هەڵگریت !!

وا ی خودا !! چۆن ئەم هەموو غەمگینییانەی

ئەم شەوە بزڕکاوانەم لوش دەم وا ی

بە ئاوی ژێر نزرگەی کوام حەزرەت

دەست نوێژی ئەم ڕکاتە پایزییانەی

عیشق بگرم وا ی

لە گوناهی کوام لەم سەفەرە ئاوێزەیی یانەم خۆش ئەبیت؟!

بە بییانووی خەزانی کام پایز !! ئاوێنە سەوزەکانم شەقار ئەکەیت؟

بە هەتاوی کام نیوەڕۆی بوغزن ڕوو ڕەشی قاپی

عیشقم ئەکەیت؟

خودایە بە سەهۆڵی کام بەستەڵەك حەرارەتی

دوا بەیتەکانی سارد کەمەوە !!؟

بە ئەسیتۆنی کام شازادەی ئەم دەڤەرە ماچەکانی بسڕمەوە ؟

بە بارانی کام ئێوارەی غوربەت پشکۆی پەیامەکانی دامرکێنمەوە؟

وای!!!

وای دایه گیان ئەمشەو تەنهاو تەنها تۆ شك ئەبەم

له باوەشتا ئارام بمەوە ئۆف دایه بڕوانه سیمای ئەم کچه

بێ مەیلەت ئەمشەو

دایه بمگرە خۆت و سەرم بنێ وە ژێر خەرمانەی

میهرەبانیت ئەمشەو

بڕوانه دایه له شەوێکی وادا عیشق چیم پێ ئەکات ؟

ئەم شەو یار لەخۆفی خوا نەترسا دایه !!

نەفرەتی له عەیاری و بەرائەتم کرد

ڕووی له پاکیزەیی و دڕندەییم وەرگێڕا

بڕوانه چۆن به زەلیلی پەڕو باڵی ئەم عەشقه هەنوو

ئەکەم!!

وەك ئەکتەرێکی کۆیله له سەر سەوز ترین

شانۆی مەرگ هەڵوەرینم نمایش ئەکەم

وەك شنه بایەکی ژووێ بیابانی گومان

تەفرو توونا ئەکەم

وەره ئەی وێڵ ترین کەشتیوانی عیشق نامبینیت؟

نامبینیت ؟

چ دەریازێکی بریقه دارم ؟!

چۆن له سوچێکی ئاسمانی بێ نازیتا ئەدرەوشێمەوە؟

نزیکم به

پڕت کەم له نور و قەڵام کەیت له سورەتەکانت

نزیکم به

ترسی ڕۆشنایی شەوت نەبێت

خەمی تاریك بوونی بەیانەکانت نەبێت

بێ خەم بە لە سەوزی پایز

لە پیر بوونی بەهار گەڕێ

جریوەی ئەم سەگانە وێڵ کە

چیت داوە بە سەر وەڕینی چۆلەکەیەکی بەستە زمان

پێبکەنە بە حەپە حەپی ئەم بولبولە فاسیقانە !

عەجولی کیسەڵێك سەرسامت نەکات

بە میهرەبانی ڕێوییەك خەجالەت مەبە

گۆرانییەك ماوە بۆ چڕین

گومانت بتەکێنەو وەرە سەر سەوز ترین

شانۆی مەرگ

لێرەوە ژیان دەست پێئەکات

لێرەوە

نمایشی ژیان بکە تۆ

نمایش لە تەك تەرمەکانا

لێرەوە سەمای عیشق بکە

عیشق لە ژێر نمەکانی باران و

هەناسەکانی ئێوارەدا

تۆرۆنتۆ..نەورۆزی 2005